# دادگاییکردنی ئانرات

## وتوێژێک لەگەڵ پارێزەر چێنەر جۆلا

**سازدانی: دیار کەریم**

زۆر کۆمپانیا و دەوڵەت هاوبەشییان لە پڕچەککردنی سەدام و رژێمەکەیدا بە چەکی قەدەغەکراو و کۆکوژ کرد و ئەو رژێمەش تەواوی ئەو چەکانەی لە سەرکوتکردنی گەلەکەی خۆیدا بەکارهێنا. لە ساڵی ٢٠٠٦دا دۆسیەی ئەو بازرگانە هۆڵەندییە ئاشکرا کرا کە یەکێک بوو لەو بازرگانە تاوانبارانەی دەستی هەبووە لە پڕ چەککردنی رژێمی بەعسدا. بۆ ئەم مەبەستەش دیمانەیەکمان لەگەڵ پارێزەر (چێنەر عەلی جۆلا) سەبارەت بە کەیسی ئەو تاوانبارە ئەنجامدا.



ڤان ئانرات

## فرانس ڤان ئانرات کێیە؟ کێ دۆسییەکەی ئاشکراکرد؟

فرانس ڤان ئانرات بازرگانێکی هۆڵەندییە و لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە پرۆسەی خۆپڕچەککردنی عێراق بە چەکە کۆکوژەکان و بەتایبەتیش چەکی کیمیایی لەرێگەی دابین کردنی مادده سەرەتاییەکانی ئەو چەکە و دواتریش گواستنەوەی بۆ عێراق بەشدارێکی سەرەکی بووە، تەنانەت باس لەوەش دەکرێت کە لە راپۆرتەکانی تیمەکانی گەڕان بەدوای چەکەکانی عێراق ناوی لە راپۆرتەکانیاندا هەبووە و لە عێراقدا ماوەتەوە تاوەکو پرۆسەی رزگاری عێراق، دوایی لە عێراق هەڵدێ و پاشتر دەستگیر دەکرێت، ئەوەی پەیوەندی بە ئاشکراکردنی دۆسییەی ناوبراویشەوە هەیە بێگومان دەزگا پەیوەندیدارەکانی هۆڵەندە رۆڵیان هەبووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە بەشدارییان لە ئامادەکردنی دۆسیەی دادگاییکردنەکان هەبووە، سەرباری فشار و رۆڵی رەوەندە کوردییەکان و رێکخراوەکانیان.

## ئەو میکانیزمانە چی بوون کە وایکرد دادگای هۆڵەندی لە لاهای رازی بکات دادگایی فرانس ڤان ئانرات بکات؟

دەربارەی ئالیەت و بنەماکانی دادگاییکردنی ئانرات لە بەراییدا ئەو تۆمەتبارە هاولاتییەکی هۆڵەندییە، بۆیە بەپێی دەسەلاتی وەلائی (ÆÉhèÑǩł ! ǨdžǯǭƱèł)



دەتوانێت دادگایی هەر هاوڵاتیەک بکات کە ڕەگەزنامەی هۆڵەندی هەبێت و تاوانێکی کردبێت، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە و بەپێی بنەمای هەرێمایەتی یاسای جینائی (اقلیمیه القانون الجنائی) دادگای هۆڵەندی دەسەڵاتی دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارەی هەیە بەو پێوەرەی کە بەشێک لە تاوانەکان لەسەر خاکی وڵاتی هۆڵەندە ئەنجام دراون، لە بەرامبەریشدا دادگاکانی هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا دەسەڵاتی بینین و دادگایکردنیان لەو دۆسییانەدا هەیە کە تاوانەکانی سروشتی تاوانی نێودەوڵەتییان هەبێت وەک تاوانی کۆمەڵکوژی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە هەر کاتێک تۆمەتبار لەسەر خاکەکانیان دەستگیربکەن دەتوانن دادگاییان بکەن بەبێ گوێدان بە ڕەگەزنامەی تۆمەتبار.

## گرنگی دادگایی فرانس ڤان ئانرات لە چیدایە؟

گومان لەوەدا نیە کە دادگایکردنی ئانرات کاریگەری بۆ سەر دادگایکردنی تۆمەتبارانی بەعسیش دەبێت بەو پێوەرەی کە یەکێک لە دۆسییە سەرەکی و گرنگ و بنەڕەتییەکان کیمیابارانکردنی کوردستانە، بۆیە ئەم بڕیارە دەتوانرێت وەک یەکێک لە بەڵگەکان بەکاربهێنرێت بەتایبەتی کە لە بڕیاری دادگای هۆڵەندیدا ئەوە هاتووە کە ئەو ماددە کیمیاییانەی ئانرات داویەتی و فرۆشتویەتی بە عێراق لە کوردستاندا بەکارهێنراون، دیارە زانیارییەکی لەم جۆرەش یان ئەوەتا تۆمەتبار خۆی دانی بەوەدا ناوە یاخود دادگا بە بەڵگەی جۆراوجۆر ئەو زانیارییەی بۆ سەلماوە.

## چۆن دەتوانین لەرێگەی دادگای نێودەوڵتیەوە تاوانبارانی تر ڕووبەرووی دادگا بکرێنەوە؟

دەربارەی شوێنکەوتنی یاسایی بۆ تۆمەتبارانی تر ئەوانەی کە دەستیان لەو تاوانانەدا هەبوو لە دژی گەلی کوردستان و گەلانی عێراق بەو پێوەرەی کە دادگای باڵای جینائی عێراق بەرپرسە لەو بوارەدا لەبەرئەوەی بەپێی ماددە (١٠) لە سیستمی یاسای دادگاکە دەتوانێت دادگایی ئەو کەسانەش بکات کە عێراقی نەبن و تاوانیان لە خاکی عێراقدا ئەنجام دابێت بەمەرجێک لە خاکی عێراقدا بن، بۆیە هەر کەسێک

لەوانە دەتوانرێت لە عێراقدا دادگایی بکرێن ئەگەر هاتوو لە دەرەوەی عێراقدا بوون ئەوا بەهەمان شێوە لە ڕێگەی دادگاکانی وڵاتەکانیان یان دادگاکانی ئەو وڵاتانەی کە لێی نیشتەجێن دادگایی بکرێن وشکاتیان لێ بکرێت یاخود دەتوانرێت داوای تەسلیمکردنیان بە دادگاکانی عێراق بکرێت، بەڵام لەم بوارەدا پێویستە رێکەوتننامەی دووقۆڵی بۆ تەسلیمکردنی تاوانباران بە یەکتری یان بنەمای مامەڵەی هاوشێوە (المعاملە بالمپل) هەبێت. دەربارەی دادگای نێودەوڵەتیش لەبەرئەوەی دادگایەکی نێودەوڵەتییە پێویستی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە. بۆیە زەحمەتە لەو بوارەدا کاربکرێت چونکە دادگای وڵاتان و دادگای عێراقی دەتوانن ئەو رۆڵ و ئەرکە بگێڕن.

## ئایا کورد توانای داواکردنی قەرەبووکردنەوەی هەیە؟

دەربارەی قەرەبووکردنەوەی هەموو زیان بەرکەوتوویەک یان داواکار بە مافی کەسێتی دەتوانێت داوای قەرەبوو بکاتەوە ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە چاکتر وایە کە بەشێوەیەکی رێکخراو و یاسایی کار لەو بوارەدا بکرێت بە جۆرێک کە هەموو ئەو لایەن و کۆمپانیاو وڵاتانەی دەستیان لەو کار و تاوانانەدا هەبوو، قەرەبووی زیان پێکەوتوان بکەنەوە، کە ئەمەش پێویستی بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە بۆ پێکهێنانی سندوقێکی قەرەبووکردنەوەی هاوشێوەی سندوقی قەرەبووکردنەوەی کوێت، کە تاوەکو ئەمڕۆش عێراق بەشێک لە داهاتی نەوتەکەی دەچێتە ئەو سندوقەوە ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە دادگا جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتانە دەتوانن بڕیاری قەرەبووکردنەوە بدەن، بەڵام لێرەدا بوارەکە بەرتەسک دەبێتەوە تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە شکاتیان کردووە.

## پێداچوونەوەی ئەو حوکمە کە لە ماوەی چواردە رۆژدا ئیستئناف بکرێ هیچ شتێک لە دادگاییەکەی دەگۆڕێت؟

دەربارەی پێداچوونەوەی بڕیار ئەمە بەشێکە یان بنەمایەکی دادگاییکردنی عادیلانەیە بۆیە تۆمەتبار مافی پێداچوونەوەی بڕیاری دادگای دەبێت و سەبارەت بەم دۆسێیە

و ئەگەرچی ناوەڕۆکی دۆسێیەکەی نەبینیوە بەڵام پێشبینی ئەوە دەکەم کە هیچ کاریگەریکی لەسەر بڕیارەکە نەبێت.

## ئایا تەنها بازرگانە ژاپۆنییەکان یارمەتیان داوە یان دەستی چەند دەوڵەتێک یان چەند کەسانێکی تری لەپشتەوە بووە ئەی سزای ئەوانە چییە؟ ئایا زیاتر لەسەری دەکۆڵرێتەوە؟

دەربارەی لایەنەکانی تێوەگلاو لەو دۆسێیە، شاراوە نیە کە پرۆسەی پڕچەککردنی عێراق پرۆسەیەکی بنەفراوانی هەمەلایەنە بوو کە دەست و تێوەگلانی دەوڵەتان و کۆمپانیاکان و تەنانەت بازرگانە بچوکەکانیشی تێدایە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام بووە و ئەمەش بەدەر نەبووە لە هاوکێشە و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی وڵاتانیو تەرازوی هێز لە ناوچەکە و لەلایەکی تریشەوە رادەی بەشدارییان لەو پرۆسەیە جیاواز بووە هەندێکیان بە پارە پشتگیری عێراقیان کردووە هەندێکی تر بە مەوادی سەرەتایی و هەندێکیش بە شارەزایی و دابینکردنی کادری پێویست یان مەشقکردن بە عێراقییەکان، بۆیە ئەو پرۆسەیە زۆر ئاڵۆزە و کاریگەری سیاسی بەسەرەوەیە. لەبەرئەوە من بەش بە حاڵی خۆم دەربارەی سزاکانی وڵاتان کارێکی




رەوەندی کوردی لەبەردەم هۆڵی دادگاکە

بەدوور و قورس دەزانم لەبەرئەوەی ئەو لایەنە پێویستی بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، حکومەتی نوێی عێراق لە پێگە و بنکەیەکی سیاسی وا بەهێزدا نیە کە بتوانێت ئەو کارە بکات بەتایبەتی کە حکومەتی عێراق بەدوای راگیرکردنەوەی پێگەی سیاسی خۆیدا دەگەڕێت لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمەش وا دەکات کە نەتوانێت دژایەتی هیچ وڵاتێک بکات، بەڵام سەبارەت بە کۆمپانیا و تاکەکان دەتوانرێت شکاتی یاسایی و بەدواداچوونی یاساییان لە دژ بکرێت.

## ئایا ئەمە نابێت بە بەڵگەی ئەوەی سەدام لە هەشتاکاندا خاوەنی ئەو جۆرە چەکە بووە لەکاتێکدا پارێزەرەکانی سەدام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئێران خاوەنی ئەو چەکە بووە؟

بوونی ئەم چەکانە لە لای سەدام و رژێمی پێشوو پێویستی بە بەڵگە نیە، چونکە ئەوە بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خودی دان پێدانانەکانی عێراق لە دۆسییەکانی گەڕان بەدوای چەکە کۆکوژەکاندا سەلماوە.

## پێتان وایە ئەو پارانەی وەکو قەرەبووونەوە دەدرێتە کەسوکاری قوربانیان یان ئەو سزایەی کە بەسەریدا سەپاوە شایستەی ئەو تاوانە بێت؟

دەربارەی قەرەبووی قوربانیان بێگومان ئەو قەرەبووانە زامی برین و ئاسەواری ترسناکی ئەو تاوانانە ناسڕنەوە، بۆیە خودی بڕیاری بەندکردنەکە دەتوانین بڵێین کە جۆرێک لە سەبوری و قەرەبووی مەعنەویی بۆ زیان بەرکەوتوانی تێدایە سەرباری ئەوەی کە دادپەروەری شوێنی خۆی گرت لەوەی کە هەموو تۆمەتبار و تاوانبارێک سزای دادپەروەرانەی خۆی و بەپێی یاسا و بنەماکان وەربگرێت.

بۆیە دادگاییکردنی ئانرات بە سەرکەوتنی دادگای هۆڵەندی و قوربانیانی چەکەکۆکوژەکان و هاوڵاتیانی کوردستان دادەنرێت و سزاکەشی سزایەکی گونجاوە.

## پرۆسەی پڕچەککردنی رژێمی بەعس بەچەکی کۆمەڵکوژ لەلایەن

**کۆمەڵێک کۆمپانیای زەبەلاحی رۆژئاواییەوە بوو، ئایا ئەم دادگاییکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کۆمپانیایانە راپێچی بەردەم دادگا بکرێت؟**

بەدواداچوون و شکاتکردن لە کۆمپانیاکان جا سەر بە هەرچ وڵاتێک بن کارێکی شیاوە، بەڵام کارێکی لەو جۆرە پێویستی بە بەرنامە و ماندووبوون و بەدواداچوونی بەردەوام دەوێت، هەروەها کارکردن لەسەر سێ خەتی سەرەکی:

یەکەمیان: هێڵی سیاسی.

دووەمیان:هێڵی یاسایی.

سێهەمیان: هێڵی رای گشتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بوارەکانی مافی مرۆڤە، کە ئەمەش ئەرکی بەپلەی یەکەم حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانە کە دەبێت ئەو دۆسیانە ئامادە بکەن و شکات و بەدواداچوونی بۆ بکەن.

- ◆ لە ئەرشیفی فاشییەکانەوە ............... ستافی پرۆژە
- ◆ دەقی وتەکەی کۆلن پاوڵ ............... ستافی پرۆژە
- ◆ دەربارەی مۆنۆمێنتەکانی جیهان
  بۆ ئاشتی ................................ مەحمود حەمەئەمین

دۆکیومێنت